NED DENG

## یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان



### راپۆرتێک لەبارەی:

# مامەڵەی حکومەت لەگەڵ کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان

تەموزی 2025

# بەشی یەکەم: کێشەکانی کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت و هەنگاوەکانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنیان

## ١. لەڕوی تەندروستییەوە

خاوەنپێداویستییە تایبەتەکانی گەرمیان گلەیی و گازندەی ئەوە دەکەن حکومەت لە روی لایەنی تەندروستی و دابینکردنی پێداویستیە پزیشکەکان هاوکاری نەکردون، بەرێوبەری چاودێری کۆمەڵایەتی گەرمیانیش رونکردنەوە دەدات.

بەناز ئەحمەد، خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان، باسی لەوە دەکات: لە روی تەندروستیەوە وەک حکومەت هیچی بۆ نەکردوین بۆ دابینکردنی پێداویستی و دەرمان و نەشتەرگەری، بەڵام ئەوەی هەبوە وەک بەرێوبەری بەرێوبەرایەتیەکە خودی خۆی ئاسانکاری بۆ کردین.

هاوکات، سەرکەوت کەریم، خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان وتی: ئێمەی خاوەن پێداویستی تایبەت هیچ زەمانەتێکی تەندروستیمان بۆ نەکراوە چۆن لەگەڵ هاوڵاتیەکی ئاسای مامەڵە دەکەن لە روی مادیشەوە بۆ ئێمەش بە هەمانشێوەیە.

وتیشی: تەنانەت رەچاوی بارودۆخمان ناکرێت کە چۆنین و هەست بەچی دەکەین، ئێمە کۆمەڵێک نەخۆشخانەی حکومیمان هەیە هیچ دەرمانێکی تێدا نیە بۆ ئێمە وەک چۆن بۆ نەخۆشانی درێژخایەن هەیە.

«لە کەرتی تەندروستی حکومەت هیچی بۆ نەکردوین ئەوەی هەیە بە پەیوەندیی شەخسی لەگەڵ پزیشکەکان پەیوەندیمان هەیە و هەندێکیان هاوکاری باشبون بۆمان بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری و هەندێک بابەتی دیکە« . هەڤاڵ ئیسماعیل، سەرۆکی لقی گەرمیانی رێکخراوی رۆشنایی دڵ تایبەت بە نابینایان وای وت.

دەشڵێت: نوسراوی فەرمی وەزارەتی تەندروستیشمان هێناوەتەوە کە هاوکاری نابینایان بکرێت لە کەرتی تەندروستی حکومی و ئاسانکارییان بۆ بکرێت.

لە بەرامبەردا، ژیلوان عادل، بەرێوبەری گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، رایدەگەیەنێت: بەپێی یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠١١ لە نەخۆشخانە و دامەزراوە تەندروستیەکان سەرجەم خاوەنپێداویستییە تایبەتەکان پێداویستی تەندروستی و پزیشکیان بۆ دابین دەکرێت بەبێ بەرامبەر، بۆ ئەو مەبەستەش نوسراومان ئاراستەی تەندروستی گەرمیان و سەرجەم ناوەندە تەندروستیەکان کردوە.

وتیشی: ئێمە ٢ جۆر خاوەنپێداویستی تایبەتمان هەیە، جۆرێکیان ئەوانەن کە موچەیان هەیە و ناسنامەی خۆیان هەیە لە هەر ناوەندێکی تەندروستی دەتوانن بەکاریبهێنن و بەبێ بەرامبەر چارەسەر دەکرێن، جۆرێکی ترمان هەیە ئەوانەن کەموچەیان نیە، بۆ ئەوانیش ناسنامەمان دروستکردوە و ئاماژەمان داوە بە رێنماییەکە و ئیمزای خۆمانی لەسەرە کە ئەوانیش دەتوانن بەهەمانشێوە ئەو ناسنامەیە بەکاربهێنن و چارەسەر وەربگرن لە ناوەندە تەندروستییەکاندا.

یەکێکی تر لە کێشەکانی خاوەنپێداویستیە تایبەتەکانی گەرمیان لەمروەوە، نەبونی بیمەیە.

کارزان ئیبراهیم، خاوەن پێداویستی تایبەت لە گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد: زۆرینەی خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان کێشەی تەندروستی و دابینکردنی پێداویستیە تەندروستییەکانیان هەیە، لە کاتێکدا پێویستە بیمەی تەندروستی هەبێت بۆمان و ئەو ئەرکەی لەسەر خێزانەکانە حکومەت بیگرێتە ئەستۆی خۆی، بەڵام رەچاوی ئەو بارودۆخە نەکراوە.

وتیشی: خاوەنپێداویستی تایبەت وەک نەخۆشیەکی تر نیە، بەردەوام پێویستی بە دەرمان و چارەسەر و پێداویستی پزیشکی و تایبەتی هەیە.

دەشڵێت: لە ساڵی ٢٠١١ بەپێی پرۆژە یاسای ژمارە ٢١ی تایبەت بە خاوەنپێداویستی تایبەت، خوێندنەوەی بۆ کرا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام نەکرا، بە دەرکردنی ئەو یاسایە هەمو مافێکی خاوەنپێداویستی تایبەت دەستەبەر دەبو، بەڵام حکومەت شانی نەدایە ژێر ئەو پرۆژە یاسایە.

هاوکات، ئەفراح ئیبراهیم، خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان، باس لەوە دەکات: ئێمە بیمەی تەندروستیمان نیە لە کاتێکدا دەبێت هەمان بێت و پێویستیە بۆ خاوەنپێداویستییە تایبەتەکان، چونکە زۆرینەمان پێویستمان بە چارەسەری بەردەوام هەیە.

لە بەرامبەردا، ژیلوان عادل، بەرێوبەری گشتی بەرێوبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان رایدەگەیەنێت: لەگەڵ ئەوەدا کە بیمەی تەندروستیمان نیە بۆ کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت، کاریش لەسەر ئەو بابەتە نەکراوە.

لایخۆشیەوە د. محەمەد ئازاد، بەرێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان جەختی لەوەکردوەوە: وەک دیوانی بەرێوبەرایەتی و تەواوی نەخۆشخانە و مەڵبەندەکانیش هەر خاوەن پێداویستیەکی تایبەت پێویستی بە نەشتەرگەری و پێداویستی پزیشکی و دەرمان بێت ئامادەین بۆیان دابین بکەین.

وتیشی: لە نێو بەرێوبەرایەتیمان کۆمەڵێک فەرمانبەری خاوەن پێداویستی تایبەتمان هەیە لەگەڵ ناوەندە تەندروستیەکانی دیکەش کارمان لەسەر ئەوە کردوە ئەوان جێگەی تایبەت بە خۆیان هەبێت بۆ ئەوەی گرفتیان بۆ دروست نەبێت، هاوکات داواشمان کردوە نوێنەری خۆیان هەبێت بۆ ئەوەی زیاتر کارەکانیان بە ئاسانی بۆ بکرێت، نەک تەنها بۆ فەرمانبەرەکان، بەڵکو بۆ ئەوانەی دەرەوەش.

## ٢. لەڕوی کێشەی پەروەردەوە

«پەروەردە داخی زۆری گەورەیە لەسەر دڵی من، لە ساڵی ٢٠١٠ پۆلی ٩ی بنەڕەتیم تەواو کرد، حەزم بە شێوەکاری بو کە خۆم ئێستاش دەستم لەوەدا هەیە، بۆیە داواکاریم پێشکەشکرد بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی خانەقین». ئەفراح ئیبراهیم، خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان وای وت.

وتیشی: زۆر هەوڵمدا لەسەر ئاستی وەزارەتی پەروەردەش بۆ ئەوەی وەربگیرێم دواجار داخڵی پرۆگرامەکە بوم و تاقیکردنەوەی ئەنجامدا لە پراکتیکیەکە یەکەم بوم دواتر لە نەزەریەکەش هەندێک پرسیاریان کرد یەکێک لە پرسیارەکان ئەوەبو پێیان وتم تۆ ئاسودەی بەوشێوەیە بچیتە ناو فێرخواز ئەمە چی بو من لەسەر عەرەبانەم و خاوەنپێداویستی تایبەتم، لەکاتێک خۆم دامەزرابوم لە باخچەی منالان بوم.

جەختی لەوەشکردەوە: لە کاتێکدا یەکەم بوم لە تاقیکردنەوەکە کەچی کە دەرەنجامەکەم هاتەوە بە دەرنەچو هەژمار کرام، وتیان شمولی تۆ ناکات، کە بەدوای رۆشتم شمولکردنەکە تەنها بۆ بەشی شانۆ بو نەک شێوەکاریی.

هاوکات، بەناز ئەحمەد، خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان، باس لەوە دەکات: لە روی پەروەردەوە نە بۆ خۆمان نە بۆ منداڵمان هیچ نەکراوە و رەچاوی دۆخی ئێمە نەکراوە، لە کاتێکدا دەبو ناوەند و بینای تایبەت بۆ خۆمان هەبێت و مامۆستای تایبەتمان هەبێت.

«وەک نابینایان تەنها سێ بینا هەیە بۆ کەرتی پەروەردە ئەویش لە سەنتەری پارێزگاکانە و لە قەزا و ناحیەکان نیە، بۆیە ئەمە زۆر کێشەیە بۆ ئێمە، چونکە چەند خوێندکارێکمان هەیە لە ناوەندەکان دەخوێنن کێشەی زۆریان بۆ دروست ئەبێت ئاسانکاری نیە بۆیان». هەڤاڵ ئیسماعیل، سەرۆکی لقی گەرمیانی رێکخراوی رۆشنایی دڵ تایبەت بە نابینایان وای وت.

وتیشی: لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک کتێب هەیە بۆ ئەوان نابێت هەندێکیان ناچار ئەبن واز ئەهێنن لە خوێندن، بۆیە پێویستە بینای تایبەت و پرۆگرام و مامۆستای تایبەت هەبێت بۆ ئێمە.

لە بەرامبەردا، ژیلوان عادل، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی چاودێری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، وتی: ئەو فەرمانگانەی کە پەیوەندیان هەیە بە خۆمانەوە بۆ بابەتی پەروەردەیی، پەیمانگای هیوای نابیستانە کە لە کەلار و کفری و خانەقینیش هەمانە و کۆمەڵێک فێرخوازمان هەیە و بۆ قۆناغی نۆمان ئەمساڵ ٤ خوێندکارمان دەرچوە و بون بە خاوەنی بڕوانامەی بنەڕەتی.

باسی لەوەشکرد: پەروەردەی تایبەت پەیوەندی بە وەزارەتی پەروەردەوە هەیە کە بڕیاری داوە مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت لە ناوەندەکانی خوێندن بەشێوەی وانەبێژ دابنرێت، کۆمەڵێک مامۆستاش دانراون، بەڵام وەکپێویست نیە و رێژەیەکی زۆری خاوەنپێداویستی تایبەتمان هەیە لە ناوەندەکان مامۆستایان نیە و گرنگییان پێنادرێت.

جەختی لەوەشکردەوە: نابێت ئەم منداڵانەش لە منداڵی ئاسایی دابڕێن، ئامانجەکەش هەر ئەوەیە و بۆیە پەروەردەی تایبەت دانراوە.

لایخۆشیەوە، عەدالەت لەتیف، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار هێمای بۆ ئەوەکرد: ژمارەیەکی مامۆستای پەروەردەی تایبەت لە ناوەندەکان هەن کە ژمارەیان ٥ مامۆستایە و ئەمەش رێژەیەکی زۆر کەمە لەچاو ئەو رێژە زۆرەی منداڵی خاوەنپێداویستی تایبەت کە لە ناوەندەکان هەیە و چەند جۆرێکی خاوەنپێداویستی تایبەتمان هەیە و پێویستمان بە رێژەیەکی زۆری مامۆستا هەیە.

وتیشی: لەگەڵ ئەوەشدا سەرقاڵی کردنەوەی سەنتەرێکی تایبەتین بەو منداڵانە کە پێشتر لە شارەکانی تری هەرێم هەبوە بەڵام لە گەرمیان نەبوە، ئەم سەنتەرەش درێژئەبێتەوە بۆ پەروەردەی کراوە کە منداڵی ١ رۆژە بۆ ٦ ساڵان لە خۆ دەگرێت وەک ئامادەکردنێک بۆ ناوەندەکانی خوێندن کە لە قۆناغی ١ بۆ ٩ی بنەڕەتی لە ناوەندەکان دەخوێنن.

دەشڵێت: لە ئێستادا فەرمانی وەزاری دەکراوە بۆ کردنەوەی ئەم سەنتەرە و بەڕێوبەریشمان بۆ داناوە بۆ رایکردنی مامەڵەکانی و داواشمان کردوە هەر مامۆستایەک بیەوێت دەتوانێت بگوازێتەوە بۆ ئەو سەنتەرە، تەنانەت سەرقاڵی دەرخستەشین بۆ کڕینی پێداویستی بۆی ئەوەی لە تواناماندا هەبێت خۆمان بۆی دابین بکەین ئەوەشی نەتوانین بەرزی بکەینەوە بۆ وەزارەتمان.

جەختی لەوەشکردەوە: ئەو مامۆستایانەی دەگوازنەوە ئەو سەنتەرە راهێنانی تایبەت وەردەگرن لەلایەن کەسانی پسپۆر و تایبەتمەندەوە لەو بوارە.

بەپێی وتەی بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، لە روی بیناشەوە ئامادەکاری کراوە و بینای بەڕێوبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیانیان پێیان دراوە تاوەکو بینای تایبەت بەو سەنتەرە دروست دەکرێت لە کەلار.

## ٣. تۆمارنەکردنی ناوی نوێی کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت

لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، ناوی نوێی کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان تۆمار نەکراوە، بەپێی وتەی بەرپرسانی حکومەت ڕێژەیەکی زۆری کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت هەیە لە سنورەکە، بەڵام تۆمارنەکراون.
هەڤاڵ ئیسماعیل، سەرۆکی لقی گەرمیانی ڕێکخراوی ڕۆشنایی دڵ تایبەت بە نابینایان وتی: لە ساڵی ٢٠١٢ەوە تاوەکو ئێستا فیئەی نوێ تۆمار نەکراوە بۆ خاوەنپێداویستی تایبەت بەتایبەت نابینایان کە فایلی نوێ نەکراوە بۆیان، ئەمەش بە جۆرێکە ئێمە ١٥٠ ئەنداممان هەیە زیاتر لە ٤٠ ئەندامان تۆمار نەکراوە و موچەیان نیە.
دەشڵێت: لە کاتێکدا زۆر پێویستیان بەو موچەیە و وەک فیئەکانی تر نین و ناتوانن بە تەنها هاتوچۆ بکەن ئەمەش پێویستی بە خەرجیە.
«ئەرکی ئێمە وەک تۆڕەکەمان لە ئێستادا وەرگرتنی مامەڵەی نوێیە بۆ فیئە و جۆرەکانی خاوەنپێداویستی تایبەت، ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠١٤ەوە تاوەکو ساڵی ٢٠٢٣ هیچ مامەڵەیەک رایی نەکرا». عەلی ڕەئوف سەعید، جێگری بەڕێوبەری تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی گەرمیان وا دەڵێت.
وتیشی: لە ساڵی ٢٠٢٣ چەند فیئەیەکی نوێمان تۆمارکرد کە لیژنە پێکهێنرا و لە سلێمانی بینرا، ئەوانیش نزیکەی هەزار و ٤٠٠ مامەڵەی نوێ بون بۆ جۆرەکانی: (بیرکۆڵ، پەککەوتەی مێشک «شلل دماغ»، نەخۆشی شەکرە، کورتەباڵاکان، تالاسیما و داون).
جەختی لەوەشکردەوە: ئەم ناوانە بە لیست ئاراستەی وەزارەتمان کراون لەوێشەوە بۆ حکومەتی فیدراڵ، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ وەڵامدانەوەیەک نەبوە بۆ ئەوەی موچەیەکیان بۆ ببڕێتەوە.
ژیلوان عادل، بەڕێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، وتی: لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی ناوی نوێ تۆمار نەکراوە بۆ کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت تاوەکو ساڵی ٢٠٢٣ کە چەند فیئەیەک وەرگیراون و لیژنەی پزیشکیشیان بینیوە و هەمو ڕێکارە ئیدارییەکانیان تەواو بوە و ئاراستەی وەزارەتمان کردوە و لەوێشەوە بۆ حکومەتی ناوەند بۆ ئەوەی موچەیان بۆ ببڕێتەوە.
دەشڵێت: تاوەکو ئێستا ئەو ناوانە ڕەزامەندی نەدراوە بەمەبەستی خەرجکردنی موچە بۆیان کە لەسەر ئاستی کوردستان ١١ هەزار کەسن، لەو ڕێژەیەش ١٤٣٥ کەسی بەر گەرمیان دەکەوێت.
جەختی لەوەشکردەوە: لە دوای وەرگرتنی ئەمانە جارێکی تر بڕیار دەدرێت بۆ تومارکردنی ناوی نوێ، بۆیە ئێستا بەشێک لەو بڕیارانە پەیوەستە بە حکومەتی عێراقەوە، دەبێت ئەوان بڕیار بدەن ناوی نوێ تۆمار بکرێت.
بەپێی وتەی بەڕێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، چەند جارێک وەفد و نوێنەری وەزارەت و خودی وەزیریش سەردانی بەغدادیان کردوە بۆ سێ تەوەری گرنگ، یەکێک لەوانە ئەو ناوانەن کە لیژنەیان بینیوە و موچەیان نەگەراوەتەوە، هاوکات تۆمارکردنی ناوی نوێ لەگەڵ موچەی چاودێری خێزان کە لە هەرێم ڕاگیراوە و لە عێراق هەیە.
بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی گەرمیان لە سنورەکەدا ٤ هەزار و ٨٢١ خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان تۆمارکراوە.

### ئاماری کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان

| جۆر | ژمارە |
|---|---|
| جەستەی بزوێنی | 768 |
| هیموفیلیا (خوێن) | 27 |
| نابینا | 555 |
| ئۆتیزم | 4 |
| نابیست | 572 |
| شیزۆفیرنیا | 326 |
| پەککەوتەی مێشک "شلل دماغ" | 464 |
| بیرکۆڵ | 854 |
| داون | 116 |
| کورتە باڵا | 88 |
| تالاسیما | 91 |
| پەککەوتەی "شلل" جەستەیی | 956 |

## ٤. دابینکردنی پێداویستی

خاوەنپێداویستییە تایبەتەکان دەڵێن: حکومەت هیچی بۆ نەکردون لە روی دابینکردنی پێداویستیەوە، لە کاتێکدا زۆرینەیان پێویستیان پێیە و دۆخی داراییان باش نیە، حکومەتیش دەڵێت: بودجەمان بەردەست نیە بۆ ئەو مەبەستە.
بەناز ئەحمەد، خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان، وتی: حکومەت هیچی واینەکردوە بۆ دابینکردنی پێداویستی بۆمان، لە کاتێکدا بەشێکی زۆرمان پێویستیان بە پێداویستی پزیشکی و تایبەت هەیە و دۆخی داراییان رێگەیان نادات دابینی بکەن.
لە بەرامبەردا، ژیلوان عادل، بەڕێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، وتی: پێداویستی پزیشکی و تایبەتی و پاسکیل و عەرەبانەی تایبەت بە خاوەنپێداویستی تایبەت لە بەردەستمان نیە دابەشی بکەین بەسەریاندا و پارەیەک بەردەست نیە بۆ ئەو بابەتانە.
وتیشی: ئەوەی هەبوە لە رێگەی خێرخوازان و سەرمایەدارانەوە زۆرجار دابینمان کردوە، بەڵام وەک وەزارەتمان شتێک نیە وەک کۆگایەک بێت و رۆژانە دابەشی بکەین، ئەوەی هەبوە هەندێکجار وەزارەت بەشی بۆ داناوین کە شتێک هەبوبێت دابەشمان کردوە.



فێرخوازێکی خاوەنپێداویستی تایبەت لە کەلار لەکاتی وێنەکێشان دا



کەلار: فێرخوازێکی خاوەنپێداویستی تایبەت لەلایەن دو مامۆستایەوە لە پەیژەیەک سەردەخرێت

## ٥. ڕەچاونەکردنی بارودۆخی کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت لەڕوی ئەندازەوە

کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان، گلەی ئەوە دەکەن ڕەچاوی دۆخیان نەکراوە لە ڕوی ئەندازەوە، چ لە شوێنە گشتیەکان چ لە فەرمانگەکان، وەکخۆیان دەڵێن: زۆرجار ڕوبەڕوی کێشە بوینەتەوە.

ئەفراح ئیبراهیم، خاوەنپێداویستی تایبەت، باس لەوە دەکات: یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئێمە بینای فەرمانگەکان و شوێنە گشتیەکانە کە ڕەچاوی دۆخی ئێمە نەکراوە، لەو پەیمانگایەی کە دەمخوێند ڕەمپەیەکیان هەبو زۆر بە زەحمەت سەردەکەوتم و دەهاتمە خوارەوە، بۆیە پێویستە ڕەچاوی دۆخی ئێمە بکرێت.

جەختی لەوەشکردەوە: ڕاستە سەرخەر «مەسعەد»ـیان هەبو، بەڵام هەرکات خراپ بوایە ناچار دەبوم نەڕۆمە دەوام، بۆیە لە کوردستان بە گشتی هیچ نەکراوە بۆ کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت.

هاوکات، کارزان ئیبراهیم، خاوەن پێداویستی تایبەت، ئاماژەی بەوەکرد: لەڕوی ئەندازەوە هەر بینایەکی نوێ کە دروست دەکرێت ڕەچاوی بارودۆخی ئێمە دەکرێت لە ئێستادا و بۆ بینا کۆنەکانیش کار لەسەر ئەوە کراوە چاک بکرێت، بەڵام ئەمە هەر کەمە، چونکە ئێمە بازاڕ و دوکانمان هەیە، شوێنی گشتیمان هەیە بە ٤ پلەکانە دەچیتە سەرەوە و بیر لە ئێمە نەکراوەتەوە.

«یەکێک لەو گرفتانەی کە ڕوبەڕوی ئێمە بوەتەوە ئەوەیە لە دروستکردنی بیناکان و شوێنە گشتیەکاندا ڕەچاوی دۆخی ئێمە نەکراوە، وەکخۆم بە ئاواتی ئەوەم برۆمە پارکێک، یاخود لە شەقامێک ئەوپەڕمەوە سەیارەیەک لێم نەدات، لە دەلاکێک ناتوانم برۆمە سەرەوە، چونکە لەسەر عەرەبانەم، ناچار ئەوان دێنە دەرەوە سەرم چاک دەکەن». سەرکەوت کەریم، خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان وای وت.

لەبەرامبەردا، ژیلوان عادل، بەڕێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، وتی: لە ڕێگەی ئیدارەی گەرمیانەوە نوسراومان ئاراستەی سەرجەم بەڕێوبەرایەتییەکان کردوە کە هەر بینایەکی گشتی دروست دەکرێت ڕەچاوی دۆخی خاوەنپێداویستی تایبەت بکرێت.

وتیشی: جگە لەوەش لیژنەمان ناردوەتە بازاڕ و شوێنیان دیاریکردوە بەمەبەستی هاتوچۆکردن و پەڕینەوەی خاوەنپێداویستی تایبەت، ئاراستەی شارەوانی کەلاریشمان کردوە بۆ ئەوەی کاری لەسەربکەن و جێبەجێی بکەن.

لایخۆشیەوە، ئەکرەم سالح، سەرۆکی شارەوانی کەلار باسی لەوەکرد: ڕەنگە لە پێشتردا ڕەچاوی ئەوە نەکرابێت کە دۆخی خاوەنپێداویستی تایبەت لەبەرچاو بگیرێت، بەڵام ئێستا کار لەسەر ئەوەدەکەین بەتایبەت لە شەقامەکاندا کە دەگاتە ڕێڕەوی پەڕینەوەکان کربستۆنەکان دەخەوێنرێت ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە هەیە لەسەر عەرەبانەیە.

وتیشی: لە پارکینگەکانی ناوبازاڕ نەمانتوانیوە شوێن تایبەت بکەین، بەڵام هەر خاوەنپێداویستیەکی تایبەت کە ئۆتۆمبێلەکەی دەوەستێنێت بەبێ بەرامبەر دەوەستێت.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئێمە بینای فەرمانگەکانی بە هی خۆشمانەوە کۆنە و پێویستی بە مەسعەدە بەتایبەت ئەم بینای ئێمە ٣ بەڕێوبەرایەتی تێدایە، بەڵام لە ئێستادا هەمو شتێک پەیوەستە بەم قەیرانی داراییەوە، بەڵام هەر بینایەکی نوێ کە دروست دەکرێت کراوە بە مەرج ئەگەر ٣ نهۆمیش بێت دەبێت یان مەسعەدی هەبێت یان پلەکانی کارەبای هەبێت.

«لە کۆبونەوەی ساڵانەمان یاخود لە دانانی پلانی شارەوانیمان کارمان لەسەر ئەوەکردوە کە هەر بینایەک قابیل بەوەبێت خاوەنپێداویستی تایبەت ڕوی تێبکات یان وەک فەرمانبەر بێت لەوێ لە ڕوی ئەندازەوە کارئاسانی بۆ بکرێت بەتایبەت بۆ داخڵبون بە نهۆمەکان»، بەرزان کەریم، بەرشێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان وای وت.

دەشڵێت: لە شێستاشدا حکومەت بینای نوێ دروست ناکات، ئەوەی هەیە کۆنە و پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە، تەنانەت چەند ساڵە داوامانکردوە مەسعەدێک بۆ ئەم بینایە دروستبکرێت ئەچێتە وەزارەت و ئەگەڕێتەوە و وەڵامەکەی نەخێرە، هۆکارەکەشی ئەم قەیرانە داراییە کە هەیە، چونکە بە لای کەمەوە ١٠٠ ملیۆن دیناری پێویستە.

جەختی لەوەشکردەوە: تەنانەت ناتوانین سێتێکی پێداویستی تەندروستی بۆ ئەو فەرمانبەرانەم دابین بکەم کە خاوەنپێداویستی تایبەتن و کێشەیان هەیە لە پەلەکانی جەستەیان، هۆکاری ئەمەش نەبونی بودجەی پێویستە.

# ٦. سودمەندبون لە پرۆژەی نیشتەجێبون و وەرگرتنی زەوی

کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان، دەڵێن: نەیانتوانیوە تاوەکو ئێستا سودمەندبن لە وەرگرتنی زەوی یاخود پرۆژەی نیشتەجێبونەکانی وەبەرهێنان، لە بەرامبەردا لایەنە پەیوەندیدارەکان رونکردنەوە دەدەن.

ئەفراح ئیبراهیم، خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان، باس لەوە دەکات: من هەقی خۆمە سودمەندبم، چونکە دەمێکە دامەزراوم، کەچی باوکمیان ساخکردەوە بەسەرمندا و وتیان ئەو زەوی وەرگرتوە و تۆ مافی وەرگرتنی زەویت نییە.

دەشڵێت: هەقی منیش لەو نێوەندە فەوتا، ئێستاش فۆرمم پڕنەکردوەتەوە بۆ وەرگرتنی زەوی، چونکە حەزم بە فرتوفێڵ نیە.

بەهەمان شێوە، بەناز ئەحمەد، خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان، باس لەوە دەکات: من وەکخۆم نە لە زەوی نە لە پرۆژەی نیشتەجێبونیش سودمەند نەبوم، جیاوازیش کراوە لە نێوان شارەکان، لە سلێمانی و ئەو شوێنانە کاتی خۆی شوقە دراوە، بەڵام لە گەرمیان هیچ نەکراوە تاوەکو ئێستا.

«خۆم لە خانوی کرێچیدام و خاوەن خێزانم، تاوەکو ئێستا بیر لەم چینەی ئێمە نەکراوەتەوە کە زەوییەکمان پێبدرێت یاخود بتوانین سودمەندبین لە پرۆژەیەکی نیشتەجێبون، لە کاتێکدا دەزانن زۆرینەی کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت توانای کارکردنیان نیە کە بتوانن شوێنێک بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن». سەرکەوت کەریم، خاوەن پێداویستی تایبەت لە گەرمیان وای وت.

وتیشی: ١٢ ساڵە لە ناو بازاڕی کەلار کارتی مۆبایل دەفرۆشم، ئەوەش هەر بەشی ئەوە دەکات بژێوی ژیانم ببەمەڕێوە.

کارزان ئیبراهیم، خاوەن پێداویستی تایبەت لە گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد: بەپێی رێنمای و یاسای و وەزارەت، دەبو لە ٥٪ی ئەو پرۆژە نیشتەجێبونانەی کە کراوە لە گەرمیان بۆ خاوەنپێداویستی تایبەت بێت بە نرخێکی رەمزی، بەڵام ئەوەش نەکراوە.

وتیشی: ئێمە پەرش و بڵاوین ئەو رێکخراوەنەشی کە هەیە لە چوارچێوەی حزبدان و ئەرکی بەڕێوبەرایەتی چاودێرییە بەدواداچون بۆ ئەم پرۆسانە بکات کە پەیوەستن بە ئێمەوە.

«تاوەکو ئێستا لە وەرگرتنی زەوی سودمەند نەبوین و ناشزانین بۆچی تائێستا سودمەند نەبوین». هەڤاڵ ئیسماعیل، سەرۆکی لقی گەرمیانی رێکخراوی رۆشنایی دڵ تایبەت بە نابینایان وای وت.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: پرۆژەیەکی نیشتەجێبونیش هەبو بەناوی هیوا ستی بەهۆی ئەوەی حکومەت پاڵپشتی نەکردین و پارەی خۆی وەرگرت و وازی لە کۆمپانیا هێنا و دەستکراوەی کرد و کردی بە بازرگانی، نەمانتوانی سودمەندبین، جگە لە ٣ بۆ ٤ کەسێکمان توانیان وەریبگرن.

لە بەرامبەردا، بەرزان کەریم، بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان، وتی: هەر خاوەنپێداویستیەکی تایبەت فەرمانبەری میلاکی حکومەت بێت دەتوانێت سودمەندبێت لە وەرگرتنی زەوی و هیچ کێشەیەکی نیە.

لایخۆشیەوە، ئەکرەم ساڵح، سەرۆکی شارەوانی کەلار، وتی: بەپێ ئەو فەرمانەی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتوە بۆ دابەشکردنی زەوی، لە ئێستادا وتراوە فەرمانبەر کە موچەیەکی هەیە مافی وەرگرتنی زەوی هەیە، خاوەنپێداوستی تایبەتیش دەچێتە ئەو چوارچێوەیە، ئەوەی فەرمانی وزاریی هەبێت و بگاتە لای ئێمە، زەوی پێ دەدەین.

دەشڵێت: ئەوان موچەیەکیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە نازانین چ چینێک ئەگرێتەوە بە دیارییکراوی، بەڵام ئەوەی فەرمانی وزاری و وەزارەتی شارەوانی هەبێت، زەوی پێ دەدرێت.

جەختی لەوەشکردەوە: دەکرێت بەڕێوبەرایەتی پەیوەندیدار بەدواداچون بکات بۆ ئەو مەبەستە و بزانن فەرمانیان بۆ دەر دەکرێت یان نا، ئەگەرنا ئەوەی بگاتە لای ئێمە سودمەند دەبێت.



هاوكات، هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، دەڵێت: هۆكاری سودمەندنەبونی خاوەنپێداویستی تایبەت لە پرۆژەكانی نیشتەجێبون لە گەرمیان كەمی موچە و داهاتیانە، هاوكات ئەم پرۆژانەش بۆ كەسانێكە كە داهاتێكی مامناوەندیان هەبێت، چونكە بۆ هەر یەكەیەک ٥٠ هەزار دۆلار ئەكەوێت كە كەمترین بێت، بۆ چین و توێژەكانیش پێویستە ٪٦٠ی پارەكەیان بدەن كە ئەمەش دەكاتە ٣٠ هەزار دۆلار.

باسی لەوەشكرد: پرۆژەی هیوا ستی هەبو كە تایبەت بو بە ئەوان و رێكەوتنیش كرا لەنێوان كۆمپانیا و بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێریی كۆمەڵایەتی، بەڵام ئەمەش بەهۆی زۆری نرخەكەی نەیانتوانی وەری بگرن، ئەگەرچی كۆمپانیاشمان مولزەم كرد بەوەی كە ئۆفەری تایبەتیان هەبێت بۆ ئەمان بە بڕی ٥ هەزار دۆلار، سەرباری ئەوەش نەیانتوانی سودمەندبن.

جەختی لەوەشكردەوە: بەپێی نوسراوی خۆیان كە لەلامانە، كۆمپانیایان ئاگاداركردوەتەوە بەهۆی ئەو پابەندیە داراییەی كە هەیە ناتوانن جێبەجێی بكەن و كشاونەتەوە.

بەپێی وتەی بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، پێویستە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە كار لەسەر ئەو بابەتە بكات و یەكەی تایبەتیان بۆ دروست بكرێت، لە رێگەی بانكێكەوە كە پشتگیریان بكات و بە ماوەیەكی دور پارەكەیان لێ وەربگرێتەوە، بۆیە نەبونی سیستەمێكی بانكی یەكێكە لە هۆكارەكان، حكومەتیش لە ئێستادا توانای نیە بەهۆی قەیرانی داراییەوە.

باسی لەوەشكرد: پێشتریش دەستەی وەبەرهێنان پرۆژەی هەبو بە سندوقی نیشتەجێبون كە ٪٥٠ی كارەكانی لە ئەستۆی خۆی دەگرت بە پرۆژە خزمەتگوزارییەكانەوە، ئەمەش كارئاسانی بو، بەڵام لە ئێستادا ئەوە نەماوە بەهۆی دۆخی دارایی هەرێمەوە.

«بۆ سودمەندبونی خاوەنپێداویستی تایبەت لە پرۆژەكانی نیشتەجێبون، بە نوسراوی فەمی داوامان لە وەزارەتی خۆمان كرد بەپێی یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠١١ كە رێژەیەک لەو یەكانە بدرێت بەوان بەبێ بەرامبەر و لەگەڵ بارودۆخی خاوەنپێداویستی تایبەتدا بگونجێت». ژیلوان عادل، بەڕێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی گەرمیان وا دەڵێت.

باسی لەوەشكرد: وەزارەتمان نوسراوی ئاراستەی دەستەی وەبەرهێنان كردوە و ئەوانیش گشتاندنیان كردوە بۆ سەرجەم بەڕێوبەرایەتیەكانی وەبەرهێنان بۆ ئەو مەبەستە، ئێمەش بەردەوام چاودێری ئەوە دەكەین لە دوای ئەو نوسراوەی كە كردومانە هەر پرۆژەیەک كە دروست دەكرێت رێژەیەكی بۆ كەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت بێت.

جەختی لەوەشكردەوە: رێژەكە دیارینەكراوە چەندە، بە نوسراوێكی تر داوامان كردوە لە وەزارەت رێژەكەشمان بۆ دیاری بكەن كە چەندە، بۆیە ئەگەر پابەندی نەبێت لەو بڕیارەی كە هەیە، رێگەی یاسای دەگرینەبەر بە سكاڵا تۆماركردن، چونكە خاوەنپێداویستی تایبەتیش مافی خۆیەتی سودمەندبێت.

بەپێی وتەی بەڕێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی گەرمیان، لە ماوەكانی رابردودا بڕیاربو پرۆژەیەكی نیشتەجێبون بۆ سێ فیئەی خاوەنپێداویستی تایبەت كە لە (كورتەباڵاكان، نەخۆشانی تالاسیما و نابینا) پێكهاتبون، دروست بكرێت و كۆنوسیش واژۆكرا بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام دواتر دەركەوتوە كە مافی ئەوان پارێزراو نەبوە و نرخەكەشی لەگەڵ دۆخی ئەوان نەگونجاوە، بۆیە رازی نەبون بە ئەو پرۆژەیە و سكاڵایان تۆماركردبو لە رێگەی وەبەرهێنان و لە رێگەی داواكاری گشتیەوە كە بەهیچ شێوەیەک رەزامەندنین بەو پرۆژەیە.

هێمای بۆ ئەوەشكرد: بۆ وەرگرتنی زەویش ئەو خاوەنپێداویستیە تایبەتانەی كە فەرمانبەرن، سودمەند دەبن، ئەمەش بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران كە جەختی لێكردوەتەوە وەرگرتنی زەوی بۆ فەرمانبەرانە، بەڵام ئەوانەی كە تەنها موچەیان هەیە و كۆمەكی داراییە و فەرمانبەر نین، ناتوانن سودمەندبن.

وتیشی: بەڵام چاوەڕوانی ئەوەین حكومەت كار لەسەر ئەوە بكات زەوی بدات بە خاوەنپێداویستی تایبەت و ببن بە خاوەنی خانوی خۆیان.



## ٧. دابینکردنی موچە

یەکێک لە گازندەکانی خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان کەمی موچەکانیانە و هاوتا نەکردنیەتی لەگەڵ عێراقدا، حکومەتیش دەڵێت: یەکێکە لەو برگانەی لە نێوان هەرێم و بەغداد گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و پێویستە جێبەجێ بکرێت.
سەرکەوت کەریم، خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان، وتی: ئێمە موچەیەکی ١٥٠ هەزار دیناریمان هەیە ئەوەش بە ٣ مانگ جارێک پێمان دەدرێت، بۆ هەر مانگێکیش دێتە ٥٠ هەزار دینار، ئەمە بەشی چی دەکات؟ لە کاتێکدا پێشتر دەیانوت هاوتای موچەی عێراق دەکرێت کە ئەوان باشترن، بەڵام تاوەکو ئێستا هاوتا نەکراوە.
هاوکات کارزان ئیبراهیم، خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد: موچەی ئێمە تەنها ١٥٠ هەزارە بەم دۆخە و بەو هەمو وەسیلەیە کە بۆ ژیان زیاتر بوە، ئەم موچەیە بۆ ٢٠ ساڵ پێش ئێستا باشبو، بەڵام بۆ ئێستا هیچ باش نیە و پێویستە پێداچونەوەی بۆ بکرێت و زیاتر بکرێت وەکچۆن بەغداد زیادی کردوە.
وتیشی: ئەو موچەیە بۆ خاوەنپێداویستیەک کە نەخۆشە و پێویستی بە دەرمانە بەشی تەنها رۆژێک دەکات.
«ئەو موچەیەی کە ١٥٠ هەزار دینارە بەشی هیچ ناکات نابینای وامان هەیە قەترەیەک ئەکرێت بە ٢٧ هەزار دینار، دۆخەکەش رونە وا ئەبێت بە ٣ مانگ تاوەکو ئێستا موچە دابەش نەکراوە«.
هەڤاڵ ئیسماعیل، سەرۆکی لقی گەرمیانی رێکخراوی رۆشنایی دڵ تایبەت بە نابینایان وتی.
باسی لەوەشکرد: لە رابردودا چەندینجار خۆپیشاندانمان کردوە و وەزارەتیشمان داوای کردوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو موچەیە زیاتر نەکراوە یان هاوتای عێراق نەکراوە، لە کاتێکدا لە ٪٨٥ی ئەندامەکانی من خێزاندارن، کەچی تاوەکو ئێستا هیچ نەکراوە.
لە بەرامبەردا، عەلی رەئوف سەعید، جێگری بەڕێوەبەری تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی گەرمیان، دەڵێت: ئەرکی ئێمە وەک موچەی خاوەنپێداویستی تایبەت ئامادەکردن و راکێشانی لیستی ناوی ئەوانەیە کە موچەیان هەیە، ئەمەش لە رێگەی وەزارەتەوە هەندێکجار گۆڕانکار تێدا دەکرێت.
وتیشی: ئەگەر گرفت لە لیست نەبێت ئەوە ئاراستەی بانکی دەکەین و موچەیان پێدەدرێت، جگە لەمە هیچ ئەرکێکی ترمان نیە.
بە هەمان شێوە، ژیلوان عادل، بەڕێوەبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان وتی: هاوتاکردنی موچەی کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت لەگەڵ عێراق یەکێکی ترە لە برگەکانی دانوستانی نێوان هەرێم و بەغداد کە دەبێت جێبەجێ بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نیە هەمو خاوەنپێداویستیەکی تایبەت بتوانێت سودمەندبێت.
وتیشی: عێراق لەسەر بنەمای جۆر و ژمارەی ئەندامانی خێزان و بژێوی ژیان موچەکە زیاتر دەکات، هەیە کەمتر لە ١٥٠ هەزار وەردەگرێت، هەشە زیاتر.
دەشڵێت: لێرە دو موچە هەیە هەر خاوەنپێداویستییەکی تایبەت موچەخۆری حکومەت بێت، ١٠٠ هەزار خراوەتە سەر موچەکەی وەک دەرماڵە، ئەمە لە عێراقدا نیە.

## ٨. نەبونی هەلیکار

یەکێکی تر لە گرفتەکانی خاوەنپێداویستە تایبەتەکانی گەرمیان نەبونی هەلیکارە، بەڕێوبەری گشتی چاودێری کۆمەڵایەتی گەرمیانیش دەڵێت: بەپێی یاسا رێژەی لە ٪٥ دیاریکراوە بۆ دامەزراندنی کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت، بەڵام وەزارەتەکان وەکپێویست پێوەی پابەندنەبون.
بەناز ئەحمەد، خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان، باس لەوە دەکات: حکومەت هیچ دەرفەتێکی دامەزراندنی نەبوە بۆ ئێمە، لەکاتێکدا زۆر بە زەحمەت توانیومانە خوێندن تەواو بکەین، ئەوەی هەیە وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێت لە ٪٥ی دامەزراندن بۆ ئێمەیە، بەڵام هەر قسەیە و نەبوە بە کردار.
دەشڵێت: رێژەیەکی زۆری دەرچومان هەیە و دانەمەزراوین ئەوەی هەیە تاک و تەرا بە واستە دامەزرابێت و جێگەی کرابێتەوە.
لە بەرامبەردا، ژیلوان عادل، بەڕێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، وتی: بەپێی یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠١١ کە وەکخۆی جێبەجێ ناکرێت و بەپێی ئەو یاسایە چ لە کەرتی تایبەت بێت یان لە حکومەت بێت رێژەیەک بۆ خاوەن پێداویستی دانراوە بۆ دامەزراندن، کە لە زۆر شوێن رێژەکەش دیاریکراوە لە ٪٥ـە.
وتیشی: بەهۆی ئەوەی زۆربەی شوێنەکان پابەندی ئەو یاسایە نین، بۆ ئەو مەبەستە نوسراومان کردوە بۆ وەزارەتمان لەوێشەوە کراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی داوا لە سەرجەم وەزارەت و دەستەکان بکرێت پابەندبکرێن بەو یاسایە بەمەبەستی دامەزراندن.
دەشڵێت: جەختیشمان لەوە کردوەتەوە لە ئەگەری جێبەجێ نەکردنی ئەوەدا، سکاڵا تۆمار دەکەین لەسەر ئەو شوێنە کە مافی کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت پێشێل دەکات و وەکخۆی جێبەجێی ناکات.

## ٩. نەبونی کورسی خوێندنی باڵا

«یەکێکی تر لەو گرفتانەی کە هەمانە لە خوێندنی باڵاش هیچ کورسێک بۆ ئێمە تەرخاننەکراوە، بۆ نمونە وەک رۆژنامەنوسان یان وەک کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، ئەوەی هەیە زۆرینەمان لەسەر ئەرکی خۆمان خوێندنمان تەواو کردوە « . بەناز ئەحمەد، خاوەنپێداویستی تایبەت لە گەرمیان وای وت.
وتیشی: بۆ هەر ساڵێکی خوێندنم نزیکەی ١ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دینارم داوەتە کرێی خوێندن و هیچ کەمکردنەوەیەکیش نەکراوە بۆمان.
هاوکات، هەڤاڵ ئیسماعیل، سەرۆکی لقی گەرمیانی رێکخراوی رۆشنایی دڵ تایبەت بە نابینایان، وتی: پێویستە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئاسانکاری بۆ نابینایان بکرێت و کورسی تایبەتیان هەبێت بۆ وەرگرتن.
وتیشی: رێژەیەکی زۆری خوێندکارمان هەیە دەرچوی زانکۆن و دامەزراون و نابیناشن، بۆیە گرنگە دەستگیرۆی نابینایان بکرێت.
هاوکات، ژیلوان عادل، بەرێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، وتی: بۆ زانکۆ حکومییەکان لە سەر داوای وەزارەتمان وەزیری خوێندنی باڵا بڕیاریداوە سەرجەم خاوەنپێداویستیەکی تایبەت بە پشتگیری وەزارەتمان لە خوێندنی باڵا بەبێ بەرامبەر بخوێنێت وەردەگیرێت.
وتیشی: وەک رێنمایی وەزارەتی خوێندنی باڵا نازانم، بەڵام ئەمە لە نێوان وەزارەتمان و وەزارەتی پەروەندیدارە و بە بڕیار کراوە.
باسی لەوەشکرد: بەڵام بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس و دبلۆم وەک کورسی تەرخان نەکراوە، بەڵام کاری لەسەر دەکەین و بکرێت بە رێنمایی و بتوانن سودمەندبن.
لە بەرامبەردا، دەشتی عەلی، بەرێوبەری بەشی راگەیاندنی سەرۆکایەتی زانکۆی گەرمیان هێما بۆ ئەوە دەکات: وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆ و پەیمانگاکانیش بەپێی مەرج و رێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵایە، بەتایبەت ئەوانەی بەکالۆریۆس و دبلۆم وەزارەت یەکلاییدەکاتەوە و ناوەکان ئاراستەی زانکۆکان دەکرێتەوە.
وتیشی: بۆ خوێندنی باڵاش وەک ماستەر و دکتۆرا و دبلۆمی باڵا، ئەمەش بەهەمانشێوە بەپێی مەرج و رێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵایە و لە ئەستۆی خودی زانکۆکانە.
جەحتی لەوەشکردەوە: بۆیە بەپێی رێنماییەکانی وەزارەت هیچ تایبەتمەندیەک بۆ خاوەنپێداویستی تایبەت دیارییەنەکراوە بۆ خوێندنی بەرایی وەک بەکالۆریۆس و دبلۆم، بەڵکو وەک هەر خوێندکارێکی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.
دەشڵێت: لە هەمان کاتدا بۆ خوێندنی باڵا بەپێی رێنمایی ژمارە ١٢ی ساڵی ٢٠٢٤ لە مادەیی هەشتەم لە خاڵی پێنجەم بە رونی ئاماژەی بەوەکردوە هەر نابینایەک رێژەی نابیناییەکەی لە ١٠٠٪ بو یان لە ٩٠٪ بو، لە ئەگەری پێشکەشکردنی بۆ خوێندن بەشێوەی پاراڵێل ئەوە دەبێت پشتگیرییەک لە وەزارەتی پەیوەندیدارەوە بهێنێت کە پشت راستی نابیناییەکەی بکاتەوە و خوێندنەکەی بۆ دەکرێت بە خۆڕایی.
وتیشی: بەپێی رێنمایی ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠٢٤ کە وەزارەت دەریکردوە بۆ خوێندنی باڵا لە خاڵی ٢ی مادەی ١دا، دەڵێت: تەنها بۆ نابینایان بۆ خوێندن بەپێی راپۆرتی لیژنەی پزیشکی کە پشتراستی بکاتەوە کە نابینایە، ئەوە لە مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی دەبەخشرێت.



**دیمەنێکی قوتابخانەی هیوا بۆ نابیستان لە کفری**

# ١٠. سەنتەرەکانی ئۆتیزم

بە پێی داتا نافەرمیەکان لە سنوری گەرمیان زیاتر لە ٣٠٠ منداڵی توشبو بە ئۆتیزم بونی هەیە، بەشێک لەو منداڵانە کە تەمەنیان دەگاتە ١٢ ساڵان لە سەنتەرەکان وەرناگیرێن، ئەمەش خێزانەکانیانی نیگەران کردوە، حکومەتیش لەوبارەیەوە رونکردنەوە دەدات.

سەردار نۆڕێ، باوکی منداڵێکی تەمەن ١٣ ساڵانی ئۆتیزمە لە گەرمیان، دەڵێت: منداڵانی ئۆتیزم حکومەت هیچ ئاوڕێکی لێ نەداونەتەوە و ساڵانەش ڕێژەکەیان زیاتر دەبێت، بە جۆرێکە نزیکەی ٣٠٠ منداڵ لە گەرمیان هەن کە ئەو نەخۆشیەیان هەیە.

وتیشی: ئێمە لە کێشەی زۆر گەورەداین و حکومەتیش کەمتەرخەمە بەرامبەر بەو منداڵانە، چونکە پێویستیان بە پەروەردەی تایبەتە و هیچ نەکراوە تاوەکو ئێستا، لە کاتێکدا چەند ساڵێکە لە پارێزگاکان کار لەسەر ئەوە دەکەن سەنتەری تایبەت بە خۆیان هەبێت کەچی گرنگی بە قەزاکان نادەن.

جەختی لەوەشکردەوە: لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردودا داوای کردنەوەی سەنتەری حکومیمان کرد کە ئێستا کراوەتەوە، کەچی منداڵەکەمان وەرناگرن، چونکە تەمەنی ١٣ ساڵە و تاوەکو تەمەنی ١١ ساڵان وەردەگرن.

ئەو بە نیگەرانیەوە باسی لەوەکرد: خرپی دۆخی دارایی و موچە وایکردوە نەتوانن منداڵەکەیان ببەنە سەنتەری ئۆتیزمی ئەهلی و تەنها توانیویانە چەند مانگێک بەردەوامبن، لەبەر ئەوەی بۆ هەر مانگێک بڕی ٢٥٠ هەزار دیناریيان لێ وەرگیراوە سەرباری خەرجیەکانی تری، وەکخۆی دەڵێت: منداڵەکەمان بەرەو قۆناغی باڵغبون دەچێت و شارەزاییمان نیە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، ئەمەش گەورەترین خەمی ئێمەیە..

سەردار، وتیشی: ئەم منداڵانە پەروەردەی تایبەت و ڕاهێنەری تایبەتیان پێویستە لەلایەن کەسانێکەوە کە لە بوارەکەدا شارەزا بن، قوتابخانەیەکی تایبەت نیە بەم منداڵانە بتوانن لە روی پەروەردەوە سود ببینن، ئەمە جگە لەوەی لە روی تەندروستیشەوە هیچ نەکراوە و ئەم منداڵانە بەردەوام پێویستیان بە پشکنینی جەستەیی و مێشک و دەمار هەیە، ئێمەش ناتوانین بیبەینە دکتۆر و توانامان نیە، بۆیە پێویستە حکومەت لەو روەوە هەنگاوێک بنێت.

لە بەرامبەردا، ژیلوان عادل، بەڕێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، وتی: لە ماوەی شەش مانگدا توانیومانە ٢ سەنتەری ئۆتیزم لە قەزای کەلار و کفری بکەینەوە و منداڵان لەو دو سەنتەرەدا ڕاهێنانی تایبەت وەردەگرن.

وتیشی: لە ماوەی ٢ ساڵی رابردوش تەنها ١ سەنتەری ئۆتیزمی ناحکومی هەبو لە ئێستادا بوە بە ٤ سەنتەر و خزمەت دەکەن.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: لەگەڵ ئەوەشدا هەر منداڵێک رۆژانە ١ هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە بۆ خواردن و خواردنەوە لە سەنتەردا، لەگەڵ ئەوەشدا بڕی ١ هەزار دیناریش بۆ گیرفانی ئەو منداڵانە، لە ماوەی چەند رۆژی رابردو بۆ ٥ مانگ بڕی ١٥٠ هەزار دینار دراوە بە هەر منداڵێک لە قەزای کفری ئەمەش بۆ کەلار هەر راستە.

سەبارەت بەو منداڵانەشی کە تەمەنیان سەروی ١٢ ساڵە تاچەند لە سەنتەرەکان وەردەگیرێن، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی چاودێری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان وتی باسی لەوەکرد: ئەو منداڵانەی تەمەنیان سەروی ١٢ ساڵە بەپێی ڕێنمای وەزارەت ناتوانرێن لە سەنتەرەکان وەربگیرێن، هۆکارەکەشی ئەوەیە تەمەنیان ئەچێتە سەرەوە و پێویستیان بە پەروەردەی تایبەت و مامۆستای تایبەتە، لە ئێستاشدا سەرقاڵی ئەوەین داتایەک وەربگرن بزانین چەند منداڵمان هەیە لەو تەمەنە بەسەرەوە بۆ ئەوەی سەنتەرێکی تایبەتمەند بکەینەوە بۆیان.

ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی ئامارێکی نافەری زیاتر لە ٣٠٠ منداڵی ئۆتیزم لە گەرمیان هەیە، بەپێی وتەی بەڕێوبەری گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان پێدەچێت ڕێژەکە لەوە زیاتر بێت و هێشتا بە فەرمی تۆمار نەکراوە.



# بەشی دوەم: دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

١. کەلێنی گەورە لەنێوان یاسا و جێبەجێکردندا:
سەرەڕای بونی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ کە مافە تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم توێژەی مسۆگەر کردوە، بەڵام لە واقیعدا جێبەجێکردنی ئەم یاسایە زۆر لاوازە. حکومەت لە دابینکردنی چارەسەری بێبەرامبەر و پێداویستیی پزیشکی، تەنها بە نوسراو و ئاراستەکردنی فەرمی وەستاوە و هیچ میکانیزمێکی کاریگەری بۆ ناچارکردنی دامەزراوەکان بە پابەندبون نییە.

٢. لاوازیی ئاسایشی ئابوری و کۆمەڵایەتی:
سیستەمی پشتیوانیی دارایی ئەم توێژە ناجێگیر و لاوازە. راگرتنی تۆمارکردنی ناوی نوێ لە ساڵی ٢٠١٤ەوە، کەمیی بڕی موچە (١٥٠ هەزار دینار) و دواکەوتنی بەردەوامی، وایکردوە ئەم موچەیە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر باشترکردنی گوزەرانیان نەبێت. ئەمە جگە لەوەی هیچ سیاسەتێکی نیشتەجێبونی گونجاو نییە کە توانای دارایی ئەوان لەبەرچاو بگرێت.

٣. پەراوێزخستنی پەروەردەیی و فێرکاری:
سیستەمی پەروەردە لە گەرمیان نەیتوانیوە ژینگەیەکی گونجاو و یەکسان بۆ خوێندنی خاوەنپێداویستییە تایبەتەکان برەخسێنێت. کەمیی قوتابخانە و مامۆستای تایبەتمەند، نەبونی پرۆگرامی خوێندنی گونجاو و نەبونی ئاسانکاری لە خوێندنی باڵادا، وایکردوە بەشێکی زۆریان لە خوێندن داببڕێن یان نەتوانن تواناکانیان گەشە پێبدەن.

٤. نەگونجاوی ژێرخانی شارسازی و ژینگەی گشتی:
زۆربەی دامەزراوە حکومییەکان، شوێنە گشتییەکان، بازاڕ و شەقامەکان لەڕوی ئەندازەییەوە بۆ هاتوچۆ و بەکارهێنانی کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت گونجاو نین. ئەمەش بوەتە هۆی دابڕانیان لە کۆمەڵگە و سنوردارکردنی بەشداریکردنیان لە ژیانی رۆژانەدا.

٥. بۆشایی لە خزمەتگوزارییە تایبەتمەندەکاندا:
کەمی و نەبونی سەنتەری تایبەتمەند، بەتایبەت بۆ حاڵەتەکانی وەک ئۆتیزم (بۆ تەمەنی سەرو ١٢ ساڵ)، کێشەیەکی گەورەی بۆ خێزانەکان دروستکردوە. حکومەت لەبری داڕشتنی پلانێکی ستراتیژیی درێژخایەن، زیاتر کاردانەوەی کاتیی هەبوە.

٦. بێبەش بون لە موچە و تۆمارکردن
جگە لەوەی موچەی کەسانی خاوەنپێداویستی کەم و سنوردارە، هاوکات بەشێک لەوانەش تائێستا تۆمار نەکراون و بێبەشن لەهەر موچەیەک. هاوکات بێبەشیش بون لە سودمەندبون لە وەرگرتنی زەوی و یەکەی نیشتەجێبون بە بێبەرامبەر یان نرخی کەم و گونجاو.

## دوەم: ڕاسپاردەکان

١. پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای بەدواداچون:
پێویستە لەسەر ئاستی ئیدارەی گەرمیان بە سەرپەرشتیی ئیدارە و بە ئەندامێتیی نوێنەری بەڕێوبەرایەتییە پەیوەندیدارەکان (تەندروستی، پەروەردە، شارەوانی، چاودێریی کۆمەلایەتی) و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، لیژنەیەکی باڵا پێکبهێنرێت. ئەرکی ئەم لیژنەیە چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٢٢) و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی وەرزی بێت بۆ لایەنی پەیوەندیدار لەسەر دۆخی ئەم توێژە.

٢. پێداچونەوەی بەپەلە بە سیستەمی موچە و تۆمارکردن:
ا. کردنەوەی دەرگای تۆمارکردن: پرۆسەی تۆمارکردنی ئەو کەسانەی شایستەن بەردەوام و کراوە بێت و دانەخرێت.
ب. زیادکردنی موچە: پێداچونەوە بە بڕی موچەی مانگانەدا بکرێت بەشێوەیەک کە لەگەڵ پێداویستییەکانی گوزەرانی ئێستادا بگونجێت و بکرێتە بڕێکی مانگانەی جێگیر.

٣. سەپاندنی یاسای دامەزراندن
پێویستە حکومەت هەڵسەنگاندێک بکات بۆ هەمو کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت لە ڕوی شیاوییان بۆ بازاڕی کار (گشتی و تایبەت)، لەسەر ئەو بنەمایە هەستێت بە جێبەجێکردنی ڕێژەی ٥٪ی دامەزراندنەکان بۆ کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت. دەبێت ئەمە بکرێتە مەرجێکی سەرەکی لە کاتی ڕاگەیاندنی هەر میلاک و هەلی کارێکی نوێدا لە هەردو کەرتەکەدا.

٤. دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبون:
ا. هەموارکردنی ڕێنماییەکانی دابەشکردنی زەوی بەشێوەیەک کە خاوەنپێداویستی تایبەت (بەبێ مەرجی فەرمانبەر بون) بگرێتەوە.
ب. دیاریکردنی پشکێکی دیاریکراو لە پرۆژەکانی نیشتەجێبونی وەبەرهێنان بە نرخی پاڵپشتیکراو بۆیان.
ت. ڕاسپاردنی بانکەکان (حکومی یان ئەهلی) بۆ ئەوەی قەرز بە زیادەی کەم و ماوەی درێژ بدەن بەم توێژە، بۆ ئەوەی بتوانن یەکە و خانو دروست بکەن. یاخود لێکتێگەیشتن لەگەڵ کۆمپانیاکانی بواری بیناسازیی بکرێت بۆ ئەوەی کەرەستەیان پێبفرۆشن بە نرخی کەم و قیستی درێژخایەن، وەکو بەشدارییەکی ئەوان لە چاکەی گشتی، یان لەبەرامبەر کەمکردنەوەی باجی ساڵانەی سەریان.

٥. دانانی «کۆدی نیشتمانی بۆ دەستڕاگەیشتن (Accessibility Code)»:
ا. پێویستە شارەوانییەکان و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، کۆمەڵێک ستانداردی ئەندازەیی ناچاری (کۆد) بۆ هەمو باڵەخانە و پرۆژە نوێیەکان دەربکەن کە ئاسانکاریی تەواو بۆ هاتوچۆی ئەم توێژە لەخۆ بگرێت (ڕێڕەوی تایبەت، ڕەمپە، مەسعەد، تابلۆی ڕێنمایی).
ب. دانانی پلانێکی کاتی بۆ گونجاندنی باڵەخانە کۆن و گرنگەکانی حکومەت و گۆڕانکاریی تێداکردنیان بەئاڕاستەی خاڵی یەکەم.

٦. پەرەپێدانی پەروەردەی گشتگیر
ا. پێویستە وەزارەتی پەروەردە پۆل و بەشی تایبەت لەناو قوتابخانە ئاساییەکاندا لە هەمو قەزا و ناحیەکان بکاتەوە بۆ تێکەڵکردنیان و دابینکردنی مامۆستای ڕاهێنراو.
ب. پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕێژەیەکی دیاریکراو (کورسی) لە پلانی وەرگرتنی ساڵانەدا بۆیان تەرخان بکات لەگەڵ داشکاندنی کرێی خوێندن لە زانکۆ حکومی و ئەهلییەکاندا.

٧. پڕکردنەوەی بۆشـــایی خزمەتگوزارییە تایبەتمەندەکان:
ا. دامەزراندنـــی ســـەنتەری حکومیـــی تایبەت بـــە راهێنـــان و فێرکردنی پیشـــەیی بۆ کەســـانی خاوەنپێداویســـتی تایبەت، یاخـــود کردنـــەوەی پـــۆل و هۆڵـــی تایبەت بەو توێـــژە لەو ســـەنتەرە حکومییانـــەی کە هـــەن «لەنموونـــەی بەڕێوبەرایەتی بەکارخســـتن و راهێنانی پیشـــەیی».
هـــەروەک هیـــچ ســـەنتەرێکیش نییـــە چ بـــۆ بـــرەودان بـــە بەهـــرە و ئـــارەزوە گشـــتییەکانی کەســـانی خاوەنپێداویســـتی تایبـــەت، لەنموونـــەی هونـــەرە جوانـــەکان (وێنەکێشـــان و میوزیـــک و..هتد).
ب. هیـــچ خوێندنگەیـــەک نییـــە بۆ ئـــەو کەســـانەی نابینان، بۆیە پێویســـتە هاوشـــێوەی کەســـانی نابیســـت، خوێندنگەی تایبـــەت بـــۆ نابینایانیـــش بکرێتـــەوە و فێری شـــێوازی خوێندنـــەوەی «برێل» بکرێـــن کە تایبەتـــە بە کەســـانی نابینا.
ت. بۆ کەســـانی توشـــبوی ئۆتیزم کە لە ســـەروی ١٢ ســـاڵەوەن، دەبێت خەمیان بخورێت و هاوشـــێوەی منداڵانی توشـــبوی نەخۆشـــییەکە، ئەوانیـــش بەهرەمەنـــد بن لـــە بونی ســـەنتەری تایبەت.
پ. تەرخانکردنـــی بودجەیەکی ســـاڵانەی جێگیـــر بۆ دابینکردنی پێداویســـتییە ســـەرەکییەکانی وەک عەرەبانـــەی کارەبایی و ئاســـایی، بیســـتۆک (ســـەماعە) و کەرەســـتەی پزیشـــکیی دیکـــە. بـــۆ ئەمـــەش پێویســـتە حکومەت بودجـــەی هەبێت، یـــان ســـاڵانە هەڵمەتـــی کۆکردنـــەوەی پیتاک بکرێـــت بـــە هـــاوکاری رێکخراوەکانـــی کۆمەڵی مەدەنـــی و بەپشتبەســـتن بـــە شـــایان بـــون «اســـتحقاق» و لەســـەر بنەمایەکـــی شـــەفاف و ئاشـــکرا پێویســـتییەکان دابـــەش بکرێن بەســـەر ئەو خاوەنپێداویســـتییە تایبەتانـــەی کـــە پێویســـتیان پێیەتـــی.
ج. دەبێـــت رێکخراوەکانـــی کۆمەڵـــی مەدەنـــی لـــە بـــواری خزمەتکردنـــی کەســـانی خاوەنپێداویســـتی تایبەتـــدا کارابن و رۆڵـــی خۆیـــان بگێـــڕن و بەشـــێک لـــە کار و چالاکییەکانیـــان تایبـــەت بکەن بـــەم توێژە. هـــەروەک گرنگـــە حکومەتیش تەنسیق و ئامادەکاریـــی بـــکات لەگـــەڵ ئـــەو رێکخراوانـــە و پـــرۆژە و چالاکیی بـــۆ خزمەتی ئـــەم توێژە ئەنجـــام بدەن. ئـــەم تەنســـیق و کاری هاوبەشـــە لەنێوان دامـــودەزگا حکومـــی و پەروەردەییەکانیشـــدا هەر راســـتە و گرنگە.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکـــی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشـــتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجـام دەدات بەمەبەســتی پـــەرەدان بەکارەکانیان و هەروەهـــا بـــرەودان بە پرۆســـەی چاودێرییکردن و شـــەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاووڵاتی و دەســـەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزارییەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣ - ٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net